# پاراستنی نێو دەوڵەتی، جیهانی و هەرێمایەتی مافەکانی مرۆڤ

الدكتور: عامر حسن فیاض
وەرگێڕانی: ئازاد گڕاوی

بێ گومان مومارەسەکردنێکی دروستی مافەکانی مرۆڤ تەنها پێویستی بە ڕاگەیاندنی نییە بەڵکو پێویستیشی بە پاراستنی سیاسی و تەشریعی و قەزائی خاوەن ڕەهەندی نیشتمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی یە لە ڕێگای دەستور و ڕێککەوتن و ڕاگەیاندن و پەیماننامەکان، هەروەها لە ڕێگای دەزگا و دامەزراوەکان و لیژنەکانی سەرپەرشتی و چاودێری کە تایبەتن بە هەموو ئەوەی پەیوەندی هەیە بەڕادەی پابەندبوونی دەوڵەتان بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و زەمانەتی بەهرەمەندبوون لەم مافانە.

بوونی میکانیزمی نێودەوڵەتی (جیهانی و هەرێمایەتی) و نیشتمانی کارا، مەسەلەیەکی زۆر پێویستە لە پێناو بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ و گرەنتی بەهرەمەندبوون لێی ، چونکی مافەکان بەبێ ئەو میکانیزمانەی دەیانپارێزێ وەکو ئەوەی لێ دێت یەکسان بێت بە هیچ. پاشان لەسەر ئەوانەی گرنگی دەدەن بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی (تاك و دامەزراوەکان) پێویستە هەوڵ و کۆشش بدەن لە پێناوی ئەوەی حکومەتەکان قبوڵی ئەو میکانیزمانە بکەن کەلەم بوارەدا هەیە، لەگەڵ کارکردن، لەهەمان کاتدا، لەپێناوی دروستکردنی میکانیزمی نوێ و بەرنامە و چالاکی نوێ کە ئەو کەم وکوڕیانە پڕدەکاتەوە کە لەو بوارەدا هەیە. لێرەدا ئەگەر پاراستنی سەرکەوتووی مافەکانی مرۆڤ لە رووی نیشتمانییەوە دەست پێ بکات و کۆتایی پێ بێت لەناو یەك دەوڵەت لەمیانەی میکانیزمی سیاسی کە پەیوەندی هەیە بە سروشتی سیستەمی سیاسی، دیموکراسی، تەشریعی کە پەیوەندی هەیە بە دەستور و یاسا دانراوەکان، قەزائی کە پەیوەندی هەیە بە دادگا و دامەزراوە قەزائی یەکانی تر، و کۆمەڵگایی کە پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵە و لیژنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەگەر گرنگی پاراستن لەسەر ئاستی نیشتمانی دەست پێ بکات و کۆتایی پێ بێت، ئەوا ئەو ڕەهەندە نیشتمانییەی پاراستن واز لە ڕەهەندە نێو دەوڵەتییەکەی ناهێنێ. ئەگەر نموونەی (لیبیا) کە لە پەیماننامەی (الخچراو) بەرجەستە بووە و ئەوەی تیایدا هاتووە لە ماف و میکانیزمەکانی پاراستنی مافەکان کە نوێنەرایەتی نموونەی ڕەهەندی نیشتمانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، ئەوا ڕەهەندە نێو دەوڵەتییەکانی پاراستن دابەش دەبێت لە نێوان ڕەهەندی نێودەوڵەتی جیهانی لەمیانەی چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دامەزراوە و ئاژانسە تایبەتمەندەکان، و ڕەهەندێکی تری نێودەولەتی کیشوەری لەمیانەی ڕێکخراوە هەرێمایەتی یەکان، لە نموونەکانی ئەوروپی و ئەمریکی و ئەفریقی.

## یەکەم

پاراستنی نێودەوڵەتی جیهانی مافەکانی مرۆڤ

(نموونەی پاراستن لەمیانەی چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکان):-

ژمارەی پەیماننامەی نێودەوڵەتییەکان کە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤ تەبەنی کردووە گەیشتووەتە زیاتر لە پەنجا پەیماننامەی نێودەوڵەتی تاوەکو ١٩٨٠، هەروەها تەبەنی زیاتری پەیماننامەی نێودەوڵەتی کردووە تاوەکو ئەمڕۆ. بەڵام ناسینی مافەکان و ڕاگەیاندنی بەس نیە بۆ دەستەبەری بەهرەمەندبوونی هەر تاکێك بەم ماف یان ئازادی یانە. چاوەڕێ ناکرێ لەم حکومەت و دەسەڵاتانەی سەر بەم حکومەتەن، کە ئەم ماف و ئازادییانە جێ بەجێ بکەن و بپارێزن بەشێوەیەکی خودکاری و ڕێزگرتنی تەواوی ئەو سنورەی ڕەسمی بەڵێننامە و پەیماننامەکان دەیکەن زەروورییە کە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و دامەزراوە و ئاژانسە تایبەتمەندەکان هەڵسن بە چاودێری کردنی جێبەجێکردن و بەدواداچوونی پاراستن و ڕێزگرتنی ماف و ئازادییەکان کە ئەم بەڵێنامە و پەیماننامە و ڕاگەیاندنانە لە خۆیان گرتووە.

ئەمەش هەست پێ دەکەین لە کۆششی ئەو دەستانەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانن وەك کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمینداریيەتی گشتی و دادگای دادی نێودەوڵەتی. کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یکگرتوەکان کە تایبەتمەندە لەم بوارەدا.

بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بە ئامانجی بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و یارمەتیدان لە پێناوی هێنانەدی بەهرەمەندبوون لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو خەڵك بەبێ جیاوازی کردن بەهۆی ڕەگەز یان نەژاد یان زمان یان ئایین، بەندەکانی مافی مرۆڤ لە خشتەی کارەکانی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی دادەنرێت بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ پێشکەشی دەکات، تاوەکو کۆمەڵە بە ڕۆڵی خۆی بڕیارەکان دەربارەی دەربکات.

هەروەك کۆمەڵەی گشتی زۆربەی بەندەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ دەخاتە بەردەم هەرسێ لیژنەکەی کە تایبەتمەندە بە مەسەلە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی ڕۆشنبیرییەکان، یان کۆمەڵە

سەیری هەندێ لەم بەندانە دەکات بەبێ ئەوەی بیانخاتە هیچ لیژنەیەك لە لیژنە سەرەکییەکانی.

بەڵام ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەو پێیەی دەزگایەکی سەرەکی لە شەش دەزگا سەرەکی یەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە پسپۆرییەکانی لە پەیماننامەی ڕێکخراو وەردەگرێت، و تایبەتمەندە لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە ئەندازەی پێشکەشکردنی راسپاردەکان کە ئامانجەکەی بلاوکردنەوەی ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و زەرووەتی رەچاوکردنی، ئەنجومەن پابەندە بە دروستکردنی چەند لێژنەیەك بۆ کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کار بکات بۆ بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو ئەنجومەن تەبەننای بابەتی پێکهێنانی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی کردووە. هەر لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە، ئەم لیژنەیە ساڵانە کۆ دەبێتەوە، و بەخشش و چاکەی زۆر بۆ ئەم لێژنە دەگەڕێتەوە لە دەرکردنی پرۆژەی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ. و ئەنجومەن لەکاتی دروست بوونی ئەم لێژنەیە، ئەرکی پێشکەشکردنی پێشنیار و راسپاردە و راپۆرتەکانی پێ سپاردبوو دەربارەی ئامادەکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، و ئامادەکردنی ڕێککەوتنامە و بەڵێننامە نێو دەوڵەتییەکان دەربارەی مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان، و پاراستنی کەمینەکان، و مافی ئافرەت، و هەر مەسەلەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە میانەی دەزگای ئەمینداریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، هۆبەیەکی تایبەت بە مافی مرۆڤ دروست کرا کە بارەگاکەی لە جنێڤی پایتەختی سویسرا بوو بۆ یارمەتیدانی جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکان.

ئەم هۆبەیە بەو سیفەتەی لقێکە لە لقەکانی ئەمینداریەتی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرپرسیارییەتی بەردەوام لە ئەستۆ دەگرێ دەربارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە مافی مرۆڤ لەمیانەی هەر سێ بەشی هۆبەکە, کە ئەوانیش:-

بەشی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و ئیجرائات، بەشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و قەدەغەکردنی جیاکاری، و بەشی خزمەتگوزاری راوێژکاری و چاپکراوەکانە.

دادگای دادی نێودەوڵەتی بە یەکێ لە دەزگا سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دادەنرێت، ئەمەش بە گوێرەی سیستەمە بنەڕەتیەکەی کاردەکات و ئەمەی دوایی بەشێکە لە پەیماننامەی ڕێکخراو، دادگا پسپۆرییەکی قەزائییە و ئەوەی تر راوەرگرتنە، ئەم دادگایە لەوەتەی دروست بووە لەساڵی ١٩٤٦ چەندین کێشەی پەیوەندیداری بە مافی مرۆڤی چارەسەرکردووە وەك مافی پەنابەری سیاسی.

ئاژانسە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بەرپرسیارییەتی گەورەیان لە ئەستۆدایە لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی. بەبێ ئەمانە نەدەتوانرا بەڵێننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و رۆشنبیرییەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها رۆڵێکی سەرەکی دەگێرن لە هێنانەدی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ و نەخشەی ئیجرائاتی دەستەبەرکراو دەکات بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، و هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ چاودێری کردنی رادەی ڕێزگرتنی هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی ئەندام لە بەڵێننامە و پەیماننامە و راگەیاندنە نێو دەوڵەتییەکان.

**دووەم:** پاراستنی نێودەوڵەتی هەرێمایەتی مافەکانی مرۆڤ:-

**أ- نموونەی پاراستنی هەرێمایەتی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ:-**

پاراستنی هەرێمایەتی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ پشت دەبەستێت بە ڕێککەوتنامە ئەوروپییەکانی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٥٠. لە راستیدا ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپی هەر لەکاتی دەرکردنی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨ دەستی بە کارەکانی کردووە لە بواری مافەکانی مرۆڤ.. لەسەر رێنمایی ئەم راگەیاندنەی دوایی، ئەنجومەنی ئەوروپی پرۆژەی ڕێککەوتنامەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤی دانا. هەرچەندە ئەم ڕێککەوتنامەیە چوارچێوەی راگەیاندنی جیهانی بەرتەسك کردۆتەوە، بەڵام زۆر کارایە، و چەندین دەزگای جێبەجێکردنی دروست کردوە بۆ کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی. زیاتر لەمە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی لایەنن تیایدا سەپێنرا کە دەبێ دانبنرێت بەوەی کە مافی مرۆڤ بەشێکە لە بنچینەکانی یاسای نێو دەوڵەتی گشتی. سەرباری ئەو ئەرك و پابەندییانەی لەم بارەیەوە بەسەر ئەم دەوڵەتانە سەپێنرا.

لە چواری نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٠ وەزیرانی دەرەوەی پازدە دەوڵەتی ئەوروپی لە رۆما کۆبوونەوە، ڕێککەوتنامەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤیان واژۆ کرد وەك پەیماننامەیەك کە لەو کاتەدا وێنەی نەبوو، لە رووی شوێنەوارەکەی لەسەر گەشەپێدانی بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، لە سێ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٥٣ چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە ئەم ڕێککەوتنامەیە لەلایەنی تەکنیکی و یاسایی یەوە، نوێنەرایەتی پەیماننامەیەکی بەکۆمەڵی دەکات بەو چەمکەی لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی دا هاتووە، ئەمە گرێبەستێکە پابەندی و ئەرکەکان لەسەر لایەنەکانی دروست دەکات.

ئەم پابەندییانە پوخت دەبێتەوە لە دانپێدانانی مافە دیاریکراوەکانی تاك و ئەم ڕێککەوتنامەیە ڕێگە بە تاکەکانی هەر دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی ئەندام دەدات بە گرتنەبەری ڕێ و شوێنی دیاریکراو لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیان کە لە ڕێککەوتنامەکەدا دانی پێدانراوە، لە دیارترین باشییەکانی ئەم ڕێککەوتنامە ئەوەیە کە تەنها مافی هاوولاتیانی دەوڵەتەکە ناپارێزێ، بەڵکو مافی هەر کەسێك دەپارێزێ کە لەم دەوڵەتەدا دەژی یان سەردانی دەکات جا ئەگەر هاوولاتی دەوڵەتەکەش نەبێت. بەڵام دیارترین ئەو ماف و ئازادییانەی ئەم ڕێککەوتنامەیە دەیپارێزێ بریتی یە لە مافی ژیان، و مافی تاك لە ئازادی و سەلامەتی کەسێتی و مافی لە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و ڕێزگرتنی ژیانی کەسێتی و خێزان و نیشتەجێبوون، مافی بیر و ویژدان و ئاین مافی ئازادی گوزارشت و رادەربرین، و ئازادی

کۆبوونەوە و ئازادی پێکهێنانی سەندیکا و چوون و نەچوونی ناو سەندیکا و مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان.

ئەم رێککەوتنامەیە دان دەنێت بەوەی کە ئەم ماف و ئازادییانە ناکرێ رەها بن و هیچ کۆت و بەندییان نەبێت، دان دەنێت بەوەی دەکرێ لەکاتی پێویستدا کۆت و بەند بکرێت ئەمەش بەهۆی ئیعتیباراتی پەیوەست بە ئاسایشی گشتی و سەلامەتی هاوولاتیان و بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەت و تەندروستی گشتی و ماف و ئازادی کەسانی تر رێککەوتنامەی ئەوروپی هەندێ ماف و ئازادی لەخۆگرتووە پێش ئەوەی لە راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هاتبێت، لەگەڵ هەمەوارکردنێکی سادە کە هەندێ جار لە ناوەرۆك و ماناکەی دەکرا بەڵام ئەم رێککەوتنامەیە هەندێ ماف و ئازادی پشتگوێ خستووە کە لەم راگەیاندنە هاتووە، وەك مافی پەنابەری لە چەوساندنەوە و مافی بەشداری کردن لە حوکم هەروەها ئەم رێککەوتنامەیە مافی ئابووری و کۆمەلایەتی لەخۆ ناگرێت وەك ئەوەی راگەیاندنی جیهانی لەخۆی دەگرێت. رێککەوتنامەی ئەوروپی ژمارەیەکی کەم لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لەخۆدەگرێت کە لە راگەیاندنی و لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە.

بەڵام دەزگاکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی هەرێمایەتی ئەوروپی فرەیە لە دەقی ماددەی ١٩ی رێککەوتنامەی ئەوروپی دا هاتووە لەسەر دەستەبەری رێزگرتنی ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لە رێککەوتنامەکە بۆ پابەندبوون بەو بەڵێنانەی داویانە و رەچاوکردنیان لە رێگای پێکهێنانی دوو دەزگاکە ئەوانیش لیژنەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ و دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤە.

ئەم لیژنەیە ژمارەیەك ئەندام لەخۆدەگرێت کە هاوتای ژمارەی ئەو دەوڵەتانەن کە لایەنن لە رێککەوتنامەکە لیژنەکە ساڵانە پێنج جار کۆدەبێتەوە بۆ سەیرکردنی ئەو سکالایانەی بۆی بەرزکراونەتەوە دەربارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لیژنەکە هەموو بڕیارەکانی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دەردەکات پاش قبوڵ کردنی سکالاکان یەکسەر هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوەیان و لیژنەکە خۆ دەخاتە ژێر هەڵسوکەوتی لایەنەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دۆستانە، ئەگەر لیژنەکە لەمەدا سەرکەوت راپۆرتێك دەربارەی داواکە بەرزدەکاتەوە بۆ دەوڵەتانی پەیوەنددار و بۆ وەزیرەکان و سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئەوروپی پاشان راپۆرتەکە بلاودەکرێتەوە بەڵام ئەگەر لیژنەکە سەرکەوتوو نەبوو لە گەیشتن بە چارەسەرێکی دۆستانەی بابەتەکە ئەوا راپۆرتەکە رای لیژنەکە و رای لایەنە پەیوەندارەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام بەبێ بلاوکردنەوەی راپۆرتەکە.

بەڵام دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ پێکدێت لە ژمارەیەك دادوەر کە یەکسانە بە ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئەوروپی دروست نییە کە زیاتر لەیەك دادوەر لە یەك رەگەز لەنێویان دابێت. ئەم دادگایە تایبەتمەندە تەنها بە سەیرکردنی ئەو کێشانەی بۆی نێردراوە کراوە، جا لەلایەن یەکێ لە دەوڵەتانی ئەندام بێ لە رێککەوتنامەکە یان لەلایەن لیژنەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ بێت. کەی ناکۆکییەکە خرایە بەردەم ئەم دادگایە ئەوا بەرپەرچی ئەم بابەتە دەداتەوە تاوەکو رادەی پێشێلکردنی مافی دەوڵەتی سکالاکار روون ببێتەوە . ئەوەی زانراوە کە حوکمەکانی دادگا لەم حاڵەتەدا حوکمی کۆتایی و ئیلزامیە بە چاوپۆشی لەوەی کە ئەو رێککەوتنامەیە خراوەتە یاسا نیشتمانییەکان لەو دەوڵەتانەی کە لایەنن لە داوایەکە یان لایەن نین لە داواکە.

لیژنەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ لەناو دادگادا هاوکاری دەکات لەگەڵ پارێزەری داواکار بۆ راڤە کردنی داواکەی دەکرێ لیژنەکە خۆی نوێنەرایەتی داواکار بکات، کەی دادگا کۆتایی هێنا بە سەلماندنی پێشێلکردنی حوکمەکانی رێککەوتنامەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتێکەوە ئەوا لەسەر ئەو دەوڵەتە پێویستە کە هەندێ رێ و شوێن بگرێتەبەر کە دەستەبەری دووبارە گێڕانەوەی رێز بکات بۆ رێککەوتنامەی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ.

**ب- نموونەی پاراستنی هەرێمایەتی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ:**

پاراستنی هەرێمایەتی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستێت کە ئەوانیش:-

پەیماننامەی رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی و رێککەوتنامەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤە. رێکخراوی ئەمریکی گوزارشتە لە دەستەیەکی هەرێمایەتی کە کار دەکات لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئامانج و پرەنسیپی دیاریکراوی هەیە کە تێدەکۆشێ بۆ هێنانەدیان، رەنگە دیارترینیان هێنانەدی یەکێتی بێت لەنێوان دەوڵەتانی ئەمریکا. بەڵام گرنگترین ئەو پرەنسیپانەی لەسەری دەڕوات.بریتییە لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی.

لەبارەی رێککەوتنامەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٦٩ مۆرکرا لە کۆنگرەی (سان خوزییە) لە کۆستەریکا کە هەندێ دەوڵەتی ئەمریکی ئامادەبوون ئەم رێککەوتنامە (٨٢) ماددە لەخۆدەگرێت کە باس لە نزیکەی (٢٤)ماف لە مافەکانی مرۆڤ دەکات کە پەیوەندیان بە بەهرەمەندی تاك بە کەسێتی یاسایی و ئەوەی لێ دەکەوێتەوە هەیە لە مافەکان وەك مافی ژیان، مافی مامەڵەی مرۆڤایەتی، مافی ئازادی کەسێتی، و مافی لە دادگایی کردنی دادپەروەرانە..... هتد.

هەروەك ئەم رێککەوتنامە بانگەشەی ئازادی ویژدان و ئایین، و بیر، و ئازادی ڕا و گوزارشت کردنیی کرد. ئەم دەوڵەتانەی لایەنن لە رێککەوتنامەکە بەڵێنیان داوە بە پاراستنی ئەم مافانە و ئازادی مومارەسەکردنی بە تەواوی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ژێر دەسەلاتییان دان، بەڵام لەبارەی ئەو دەزگایانەی دەستەبەری جێبەجێکردنی رێککەوتنامە و پاراستنی مافەکان دەکات. ئەم رێککەوتنامە دوو دەزگای پێکهێنا بۆ هەڵسان بە جێبەجێکردنیان ، یەکەمیان لیژنەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤە، دووەمیان دادگای ئەمریکی مافەکانی مرۆڤە. بارەگای لیژنەکە لە ئەمینداریەتی گشتی رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی یە لە واشنتۆن، ماددەی (٤١)ی ئەم رێککەوتنامە پسپۆریەتی ئەم لیژنەی روون کردۆتەوە کە خۆی دەنوێنێ لە گەشەپێدانی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و بەرگری لێکردنی، ئەم لیژنە بەرپرسە لە گەشەپێدانی هۆشیاری بەم مافانە لەنێوان گەلانی کیشوەری ئەمریکی و دەرکردنی راسپاردە بۆ حکومەتەکانی دەربارەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە پەیڕەوی

بکرێت و رەچاوی ئەم مافانە بکرێت.

هەروەك لیژنەکە تایبەتمەندە بە ئامادەکردنی توێژینەوە و راپۆرت و داواکردنی ئەو حکومەتانەی لایەنن لە لیژنەکە بە رازی بوونیان بە زانیاری و بەیانە پێویستەکان. هەروەك لیژنەکە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی راپۆرتی ساڵانە بۆ کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی. بەڵام لەبارەی دەزگای دووەمەوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی هەرێمایەتی ئەمریکی، خۆی لەو دادگایە دەنوێنێ کە لە حەوت دادوەر پێکهاتوە لە هاووڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوەکە کە بە سیفەتە کەسێتییەکانیان هەڵدەبژێردرێن لە نێوان ئەوانەی خاوەن لێهاتوویەکی زۆر و ئەوانەی زانیاری زۆریان هەیە لە بواری مافەکانی مرۆڤ. رێککەوتنامەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ دوو تایبەتمەندی بنەڕەتی بەخشیوە بەم دادگایە:-

یەکەمیان تایبەتمەندی لە سەیرکردنی ئەو ناکۆکییانەی پەیوەستە بە تۆمەتبارکردنی دەوڵەت بە پێشێلکردنی ئەم رێککەوتنامەیە، دووەمیان تایبەتمەندی بە راڤەکردنی رێککەوتنامەی ئەمریکی مافەکانی مرۆڤ و رێککەوتنامە هاوشێوەکانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ. تایبەتمەندی یەکەم قەزائی یە، لە کاتێکدا دووەمیان تایبەتمەندییەکی راوێژکارییە ئەوەی یەکەم واتا قبوڵ کردنی دەسەڵاتی زۆرە ملێ ی هەموو ئەو کارانەی پەیوەستە بە راڤەکردنی رێککەوتنامەکە یان جێبەجێکردنی بیناکردن لەسەر ئەمە دادگا تایبەتمەندە بە هەموو ئەوەی پەیوەندی هەیە بە راڤەکردنی رێککەوتنامە و جێبەجێکردنی ئەمەش رەزامەندی ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنن لە داواکە . ئەوەش مانای ئەوەیە کە پەسەندکردنی ئەم رێککەوتنامەیە بە تەنها بەس نییە بۆ دان پێداهێنان بەم دەسەڵاتە زۆرە ملێ یەی دادگا لەم بوارەدا لەگەڵ ئەوەشدا دان دەنێت بە پسپۆڕیەتی دادگاکە بۆ هەر کێشەیەك بە تەنها ئەگەر رەزامەندی لایەنەکانی لەسەر بوو. بەڵام دەربارەی پسپۆڕیەتی دووەم دادگا پسپۆڕیەتی فراوانی هەیە لە بواری راوێژکاری و حوکم دان حوکمەکان دەردەکات لەو دەوڵەتانەی کە داوای دەکات لە بواری رادەی رێککەوتنی یاسا ناوخۆییەکانی لەگەڵ رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان کە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتیەکانی دەپارێزێ. مافی داواکردنی ئەم فەتوایانە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لە رێککەوتنامەکە کورت نەبۆتەوە, بەڵکو بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە رێکخراوی دەوڵەتانی ئەمریکی و هەموو دەزگاکانی رێکخراوەکە دروستە داوای ئەم فەتوایانە بکەن، بەڵام ئەگەر بڕیارەکانی دادگا و حوکمەکانی ناچاری و کۆتایی بێت، ئەوا بڕیارەکانی دەوڵەتانی پەیوەندار ئیلزام ناکات هەرچەندە قورساییەکی ئەدەبی گەورەی هەیە کە زەحمەتە خۆی لێ بێ ئاگا بکرێ.

**ج- پاراستنی نێودەوڵەتی هەرێمایەتی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ:-**

پاراستنی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ پشت دەبەستێت بە پەیماننامەی ئەفریقی مافەکانی مرۆڤ.

لە ساڵی ١٩٨١ رێکخراوی یەکێتی ئەفریقی تەبەننای دەقی (پەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلانی کردووە) بە هەموو دەوڵەتەکان کە ئەو کاتە ژمارەیان پەنجا دەوڵەت بووە ئەم پەماننامەیە لە (٢١)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٦ کاری پێکرا بە پەسەندکردنی (٣٠)دەوڵەت لە دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوەکە، ئەو دەوڵەتانەی لایەنن لە پەیماننامەکە پێویستە پابەندبن بە رەچاوکردنی حوکمەکانی لە دەقی پەیماننامەکەدا پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ هاتووە لە نێوانیاندا مافی ژیان و مافی دووچار نەبوونی دەستگیرکردن یان راگرتنی زۆردارانە و مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە و مافی ئازادی بیرو باوەڕ.

بەڵام ئەو دەزگایەی ئەم پاراستنە دەگرێتە ئەستۆ، خۆی دەنوێنێ لە لیژنەی ئەفریقی مافی مرۆڤ و گەلان کە بە گوێرەی پەیماننامەکە (١١) ئەندام لە خۆدەگرێ کە لەو کەسایەتیانەی دیارو ناسراون بە رەوشی چاك و لێهاتوویی لە بواری مافی مرۆڤ و گەلان هەڵدەبژێردرێن. ئەم ئەندامانە بە سیفەتە کەسێتی یەکانیان دیاری دەکرێن بە دەنگدانی نهێنی لە کۆنگرەی سەرۆکانی دەوڵەت و حکومەتە ئەفریقی یەکان هەڵدەبژێردرێن بەوەی هەر دەوڵەتێکی ئەفریقی ناوی ئەندامێك دەدات لە میانەی لیستی پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی ئەم لیژنەیە. ئەم لیژنەیە ئەرکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی کێشەکانی ئەفریقی لە بواری مافی مرۆڤ و گەلان لەخۆ دەگرێ. ئەم لیژنەیە هەڵدەستێت بە دانانی پرەنسیپی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە یاسایی یانەی پەیوەندییان هەیە بە مافی مرۆڤ و گەل و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ بەهێزکردنی و پاراستنیان. ئەم لیژنەیە مافی ئەوەی هەیە هەرچی بە گونجاو دەزانێت لە رێگاکانی لێکۆڵینەوە هەڵبیژێرێت لە نێویدا گوێ گرتن بۆ ڕای ئەمینداری گشتی رێکخراوەکە یان هەر کەسێك بتوانێت رێگاکەی رۆشن بکات . لێژنەکە لە پێناوی دانانی پرەنسیپی یاسایی لەم بارەیەوە پشت دەبەستێت بە رێککەوتنامەی نێو دەوڵەتی مومارەسە و ئەو نەریتانەی هێزی یاسایی یان بەدەست هێناوە هەروەها پشت دەبەستێت بەو پرەنسیپە گشتییانەی یاسا کە دەوڵەتە ئەفریقی یەکان دانیان پێداناوە. بەڵام لێژنەکە ناتوانێت هەڵسوکەوت بکات لەهەر بابەتێك کە بۆی هەواڵە دەکرێت دەربارەی پێشێلکاری دەوڵەتێك بۆ مافی مرۆڤ و گەلان مەگەر پاش جێبەجێکردنی هەموو شێواز و رێگە چارە خۆجێیەکان بۆ لێژنەکە هەیە داوا لە دەوڵەتانی پەیوەندار بکات زانیاری دەربارەی بابەتەکەی پێبدەن، پاش ئەمە راپۆرتەکەی پێشکەش بکات دەربارەی هەڵوێستەکە و وێنەیەکی رەوانە بکات بۆ دەوڵەتانی پەیوەندار و کۆنگرەی سەرۆکایەتی دەوڵەت و حکومەتە ئەفریقی یەکان لە چوارچێوەی رێکخراوەکەدا.

**سەرچاوە:**

مقدمة منهجية في الرأی العام و حقوق الانسان

تألیف: الدکتور عامر حسن الفیاض. گ١ ، ٢٠٠٣، بغداد



ووشەی ماف لەهەر قۆناغێك لە